# سۆنی خێراترین هاپی خستەڕوو

کۆمپانیای سۆنی خێراترین هاپی USB بە خێرایی شەحنی ١٠٠ وات و خێرایی گواستنەوەی داتاکان هەزار وات لە چرکەیەکدا خستەڕوو.. بۆ ئەوانەی HOP ناناسن و پێی ئاشنا نین، دەبێ بڵێین hop ئامێرێکە لە تۆڕێکدا کە چەندین کۆمپیوتەر پێکەوە بەستراببێتەوە و لە چەقی تۆڕەکەدایە و داتاکان لە ڕێگای ئەوەوە دەگوازرێنەوە، بۆ نموونە ئەگەر وای دابنێین داتاکان بە چوارڕێیانێکدا دەڕۆن، هاپ وەك چرا یا وەك پۆلیسی هاتووچۆ کۆنترۆڵی هاتن و گواستنەوەی داتاکان دەکات.

هاپەکەی سۆنی بە ناوی MRW-S3 ناسراوە. هەم فلاش میمۆری دەخوێنێتەوە و هەم SDش.

چەندین پۆرتی جیاجیای تێدایە و تەنانەت پۆرتێکی HDMI کە بۆ گواستنەوەی فایلە ڤیدیۆییەکان بە کوالیتی 4k سوودی لێوەردەگیرێ. پۆرتێکی USB-C کە بۆ شەحن کردنەوە بە خێرایی ١٠٠ وات کار دەکات و پۆرتێکیش بۆ گواستنەوەی داتاکان.






## مۆنیتۆرێک بۆ کارە پیشەییەکان

مۆنیتۆر یا شاشەکان بۆ مەبەستی جۆراوجۆر بەرهەم دێن. مۆنیتۆر بۆ کاروباری ستۆدیۆ و مۆنیتۆر بۆ کاروباری سینەما و نەخشەسازی و زۆر بواری دیکە..

لەم ماوەیەدا مۆنیتۆرێکی نوێ لەلایەن کۆمپانیای BenQ بۆ کاروباری پیشەیی بەرهەم هات. ئەو مۆنیتۆرە ٢٧ ئینجە. بۆ یارییە قورسەکان سوودی لێوەردەگیرێ. زۆر جار کە باسی یاری دەکرێ ڕەنگە بڵێن چییە زۆر گرنگی بە یاری دەدرێ، بەڵام لەڕاستیدا کاتێك کۆمپیوتەرێك، لاپتۆپێك، مۆنیتۆرێکی بەهێز بەرهەم دێت، لەسەرەتادا یارییە قورسەکانی لەسەر دەکەنەوە، ئەگەر بێ گرفت و کێشە یارییەکەی لەسەر ئەنجام درا، ئەوە سەرکەوتوویە.

مۆنیتۆرە ٢٧ ئینجییەکە بەناوی photoVue Sw270C ناسراوە، کوالیتیەکەی 2Kیە. بەهێزترین تەکنەلۆژیای سەردەمی تێدا بەکارهاتووە. وەك تەلەڤزیۆنێکیش سوودی لێوەردەگیردرێ. شوێنی پۆرتی USB هەیە کە دەکرێت زۆربەی ئامێرەکانی پێیەوە پەیوەند بدرێ.

# چاویلکەی سمارتی چەماوە بەرهەم دێ

لەم چەند دوو ساڵەی رابردوودا هەوڵێکی زۆر دراوە بۆ بەرهەمهێنانی مۆبایلی چەماوە، شاشەی چەماوە و لەم دواییەشدا چاویلکەی سمارتی چەماوە.

چەماوە یان نووشتاوە بەو ئامێرانە دەگوترێ کە شاشەکەیان گەورە و بچووك دەبێتەوە و وەك کاغەز دەنووشتێتەوە. سامسۆنگ کە بەنیاز بوو مۆبایلە نووشتاوەکەی خۆی لەم ماوەیەدا بخاتەڕوو، ئێستا بیرۆکەی بەرهەمهێنانی چاویلکەی سمارتی چەماوەشی هەیە.

چاویلکە سمارتەکان لە شێوەدا وەك چاویلکەی ئاسایین، بەڵام کارکردیان جیاوازە، بۆ نموونە چاویلکە سمارتەکەی گوگل، کەش و هەوا نیشان دەدا، لاپەڕەکانی ئینتەرنێت دەکاتەوە، هەواڵەکانت بۆ دەخوێنێتەوە و چەندین تایبەتمەندی گرنگی دیکەشی هەیە.

چاویلکە چەماوەکەی سامسۆنگ کە لەم ماوەیەدا (پێنت) واتە نەخشەی ئامێرەکە بڵاوکراوەتەوە، زۆر وەك چاویلکەیەکی ئاسایی دەچێت و تۆزێك ئەستوورترە ئەویش بەهۆی باتری و ئەو هەستەوەرانەی تێیدایە. ئەوکاتەی کە چاویلکەکە کرایەوە دەست بەکار دەکا، لەکاتی بچووکیشیدا دەکرێت بەئاسانی لە بەرك بخرێت.

وەك باس دەکرێت چاویلکەکە داتاشۆیەکی هەیە کە لەسەر دەسکەکەی داندراوە و بەهۆی داتاشۆیەکە دەکرێت لەسەر شاشەیەکی بچووك کە لەناو شووشەی چاویلکەکەدایە فیلم و وێنە نیشان بدا.





## سکانێکی تایبەت بە تەبلێت و مۆبایل

سکاینەر ئامێرێکە کە وێنە و دۆکیۆمێنتەکانی سەر کاغەز دەکات بە دیجیتالی، پێدەچێ سکاینەری تایبەت بە تەبلێت و مۆبایلیش بەرهەم هاتبێ.

ئەو سکاینەرەی وێنەکەی دەبینن نموونەیەکە لەو سکاینەرانەی تایبەتن بە تەبلێت، بەڵام لە جۆری ئایپاد.

سکاینەرەکە هەم پرێنتەرە و هەم سکاینەر، وێنەکانی سەر مۆبایل یا تەبلێتەکان راستەوخۆ چاپ دەکا و لەگەڵ ئەوەشدا مۆبایل یا تەبلێتەکەشتان شەحن دەکاتەوە. جگە لەوەش وێنەکان بۆ پاراستنیان بەشێوەی دیجیتالی بۆ ماڵپەڕێکی تایبەت بە ئەرشیف کردنی وێنەکا بەرێ دەکا.

وێنەکانی سەر مۆبایل یا تەبلێت لە ماوەی تەنیا ١٢ چرکەدا چاپ بە کوالیتی زۆر بەرز چاپ دەبن.
مۆبایل یا ئایپاد لەسەر سکاینەرەکە دادەدرێ و خودی سکاینەرەکەش بە شەحن دەبێتەوە.




# نۆکیا و بەرهەمهێنانی راوتەرێکی نوێ

دە ساڵ لەمەوبەر یەکێك لە کۆمپانیا ناسراوەکانی بواری بەرهەمهێنانی مۆبایل کۆمپانیای نۆکیا بوو، نۆکیا لەریزی یەکەمەکاندا دەهات. دوای ئەوەی نۆکیا سیستەمی ئەندرۆیدی لە بەرهەمهێنانی مۆبایلەکانیدا رەد کردەوە و مۆبایلەکان بەرەو زیرەکی رۆیشتن، نۆکیا لە پێشەنگەوە هاتە کۆتایی و تەنانەت بەشێکی زۆری کۆمپانیاکەی داخست و بەشێکی فرۆشت. ئێستاش نۆکیا دەیەوێ بە جۆرێکی دیکە بگەڕێتەوە و دەیەوێ بەرهەمەکانی تەنیا بەیەك ئامێر نەبەستێتەوە، بۆیە لەم دوو ساڵەدا چەندین ئامێری نۆکیا بەرهەم هاتن..

لەم رۆژانەشدا نۆکیا راوتەرێکی وای-فای خۆی بەناوی beacon1 خستەڕوو. راوتەرێك کە پشتیوانی لە سیستەمی mesh سوود وەردەگرێ.. سیستەمی «مێش» بەو سیستەمە دەگوترێ کە پانتایی بەڕێکردن و وەرگرتنی زیاترە. خێرایی راوتەرەکە زۆر لەسەرێیە و لە ٢ گیگابایت پۆرتی (ئەتەرنێت) سوود وەردەگرێ..

راوتەرەکە دەتوانێت ١٤٠ مەتری چوارگۆشە بگرێتەخۆ و بە پشتیوانی لە سیستەمی (مێش) دەکرێت سێ راوتەری پێکەوە پەیوەند بدرێن و مەودایەکی بەرینتر دەبێت دەکاتە ٤٢٠ مەتری چوارگۆشە. راوتەرەکە خێراییەکەی ٤,٢ گیگابایتە. نۆکیا ئەپلکەیشنێکی تایبەتی بۆ ئەم راوتەرە بەرهەمهێناوە.

# ئایا هەر پرۆگرامی faceApp کاری سیخوڕی دەکا؟

ئەم رۆژانە کە سەر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەدەی، بەتایبەتی فەیسبوك و ئینستاگرام دەبینی زۆربەی خەڵك وێنەی خۆیان بە پیری داناوە. ئەم وێنە پیرکردنە بە پرۆگرامێك دەکرێت کە بە face-Appناسراوە. پرۆگرامێك کە لەلایەن کۆمپانیایەکی روسیەوە لە ساڵی ٢٠١٧ بۆ سیستەمی ios بەرهەم هات و دواتر ئەندرۆیدیشی گرتەوە.

ئێستا بەپێی زانیارییەکانی تایبەت بە ئەمنییەت و چاودێری ئینتەرنێت، دەگوترێ کە ئەم پرۆگرامە تەواو سیخوڕییە و گشت داتا و زانیارییەکانی تایبەت بە بەکارهێنەرانی بۆ سێرڤێری تایبەت دەگوازێتەوە.

بۆ ئاگاداری بەکارهێنەرانی ئەم پرۆگرامە دەبێ بڵێین، نەك ئەو پرۆگرامە زۆربەی ئەو پرۆگرامانەی دایدەبەزێنیەوە سەر مۆبایلەکەت کاری سیخوڕی و چاودێری بەسەر بەکارهێنەرانیەوە دەکەن، چونکە کاتێك پرۆگرامێك دادەبەزینی چەندین پرسیار دەکات کە بەداخەوە زۆربەی بەکارهێنەران فەرمانی قبوڵ کردن لێدەدەن و بەمەش پرۆگرامەکە دزە دەکاتە ناو زانیارییە تاکەکەسییەکانت. ئەو سیخوری کردنە تایبەت نییە بە پرۆگرامی ناوبراو، بەڵام چونکە پرۆگرامەکە هی روسیایە و دەزگا ئەمنیەتییەکانی ئەمەریکا مەترسییەکەیان بە راگەیاندن کردووە.





## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

بەڕێزێك کێشەیەکی بۆ هاتۆتە پێش و رێگا چارەکەی دەوێت، دەنووسێ، فایلێکی excelم دەنووسی، لەناکاو کارەبا رۆیشت و ئەوەی نووسیبووم سڕابۆوە و فایلەکەشم خەزن نەکردبوو، ئایا دەکرێت ئەو فایلەی کە خەزنم نەکردووە و ناوێکم لێنەناوە بگەڕێنمەوە؟

بەڵێ خوێنەری بەڕێز دەتوانی و زۆر بە ئاسانیش. روونکردنەوەیەك بۆ هەموو خوێنەرانی ئازیز، تکایە هەرکاتێك کۆمپانیای مایکرۆسۆفت ڤێرژنی ئۆفیسەکەی خۆی نوێ دەکاتەوە ئێوەش نوێی بکەنەوە، مەبەستم ئەوەیە هەمیشە دوا ڤێرژنی ئۆفیس لەسەر کۆمپیوتەرەکەتان بێ، چونکە زانیاری زیاتری تێدایە. بابێمە وەڵامدنەوەی ئەو بەڕێزە.

بەڕێز سەرەتا پرۆگرامی excel بکەوە، بچو سەر بەشی file و لەوێشدا open بکەوە، کە کردەوە هێمایەك هەیە بەناوی recent و ئایکۆنەکەی کاتژمێرێکە، بیکەوە. ئەوکات لە خوارەوەی پەنجەرەکە شوێنێك نووسراوە Recover Unsaved Workbooks ئەو بەشە بکەوە.. ئێستا گشت ئەو فایلانەی کە خەزنت نەکردوون نیشان دەدرێن و بە ئاسانی بیکەوە و هیچ شتێك لە فایلەکەی نووسیوتە نەرۆیشتووە و ناوێکی لێ بنێ.




# ماوسێک کاری وەرگێڕانیش دەکا

کۆمپانیای لینۆڤۆ ماوسێکی زیرەکی خستەڕوو کە بە دەنگی بەکارهێنەرەکەی کۆنترۆڵ دەکرێ. بەکارهێنەر دەتوانێت بە دەنگی خۆی فەرمانی پێبکا چ ئەرکێکی ئەنجام بدا، بۆ نموونە دەکرێت پێی بڵێ فایلێکی ۆرد بکاتەوە، یان فۆڵدەری ژمارە ٣ بکاتەوە و گۆرانییەك لێبدات.

ماوسەکە جگە لە وەی بە دەنگ کۆنترۆڵ دەکرێ، کاری وەرگێڕانیش دەکات. وەرگێڕان لە زمانی چینی و ئینگلیزی و فەرەنسی و ژاپۆنی و ئەڵمانی و ٢٦ زمانی دیکە ئەنجام دەدا.

سەرەڕای ئەو تایبەتمەندییانە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی سەردێڕی هەواڵی رۆژانە و لە ماڵپەڕە هەواڵدەرییەکان وەردەگرێ.

کارکردی ماوسەکە بەشێوەی لەیزەری نییە بەڵکو لە تەکنەلۆژی تیشکی شین سوود وەردەگرێ کە لە لەیزەر بەهێزترو وردبینترە و لەسەر هەموو شوێنێك وەك شووشە، دار و پارچە کار دەکات.



## ماڵپەڕێک بۆ دروستکردنی کلیپ

بۆ دروستکردنی کلیپێك لە وێنە و کورتە ڤیدیۆ و مۆسیقی پێویستت بە پرۆگرامێکی تایبەتی هەیە کە ئەم کارە ئەنجام بدا. سەدان پرۆگرام هەن کە بەهۆی ئەوانەوە دەتوانی جوانترین ڤیدیۆ کلیپەکان دروست بکەی.

ئەگەر دەستت بە هیچ پرۆگرامێك رانەگەیشت و یان حەزت نەکرد پرۆگرامێك لەسەر کۆمپیوتەرەکەت دابەزینی، دەتوانی سوود لە ماڵپەڕی videotool-.box.com/ وەربگری.

ئەم ماڵپەڕە هەموو کاروبارێکی تایبەت بە دروستکردنی ڤیدیۆ کلیپی تێدایە، وەك بڕین، وەسەریەك خستنەوە، دانانی دەنگ...تاد لەم ماڵپەڕەدا هەیە.

دەتوانی ٣٠٠ میگابایت لە فایل مینەجەر و ٧٠٠ میگابایتیش لە بەشێکی تایبەتیدا دابنێی. دەکرێ ژێرنووسیش بۆ ڤیدیۆ کلیپەکەت دابنێی.

# سامسۆنگ و هاردێکی پورتێبلی بچووک




هاردی پورتێبڵ یا هاردی دەرەکی بۆ هەڵگرتن و ئەرشیف کردنی داتاکان گرنگی خۆی هەیە. هەندێك کەس پرسیار دەکەن مادام فلاش میمۆری و هارد یەك کار دەکەن بۆ لەبری هارد فلاش میمۆری بەکارنەهێندرێت؟ راستە کاری هەردووکیان وەکو یەکە، بەڵام هەرچی فلاش میمۆرییە بۆ گواستنەوەی داتاکان سوودی لێوەردەگیردرێت، هارد بۆ هەڵگرتن و ئەرشیف کردنی داتاکان..

سامسۆنگ هاردێکی پورتێبڵی بچووکی بەرهەمهێناوە کە بە بەراورد بە هاردی دیکە هەم کێشی کەمترە و هەموو قەوارەی بچووکتر.

هاردەکەی سامسۆنگ بە جۆری SSD T5 ناسراوە. هاردێکی بچووك و خێراییەکی زۆر و قەبارەی هەڵگرتنی داتاکانی ٢ ترابایتە. لە کەلێنی USB 3.1 سوود وەردەگرێ کە خێراییەکەی دەگاتە ١٠ گیگابایت لە چرکەیەکدا. کێشی هاردەکە تەنیا ٥١ گرامە.. شتێکی وا لە فلاش میمۆرییەك کێشی زیاتر نییە.